# ڕەهەندەکانی دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کێشە و ململانێی ناوخۆی دەوڵەتی ئەیوبی (619-644ك/1222-1246ز) (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)

**ID No.1082**

(PP 87 -99)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.6

**حسين عبدالرحمن حسين**
بەشی مێژوو،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی ڕاپەڕین
hussein@uor.edu.krd

**قادر محمد حسن**
بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی صلاح الدين-هەولێر
qader.hassan@su.edu.krd

**الاستلام:2023/03/19**

**القـبول :2023/04/16**

**النـــشر:2023/12/15**

**پوختە**

توێژینەوەکەمان کە لەژێر ناونیشانی (ڕەهەندەکانی دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کێشە و ململانێی ناوخۆی دەوڵەتی ئەیوبیدا (619-644ك/1222-1246ز)، توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)، لە هەمبەر ڕووداوگەلێکی سیاسی و سەربازی پەیوەست بە دەوڵەتی خوارزم و دەوڵەتی ئەیوبی، کە تیایدا بەدوای ئەو هۆکارانەدا دیڤچوونمان کردووە، کە بۆتە هۆی دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کێشە ناوخۆییەکانی ئەوماڵباتەدا، لە ئاکامی ڕۆچوون بە ناو دەقە مێژوویەکان و ڕانانی ڕووداوەکان بەیەکتری، بۆمان دەرکەوت کە هەندێ هۆکاری سەرەکی و هەندێکی لاوەکین، کە بریتین لە ڕەهەندەکانی (خواستی فراوانخوازی، لەشکرکێشی مەغۆل، جوگرافی، ئەیوبیەکان)، لە پاڵ ئەو هۆکارانەدا، بە پێویستمان زانی دەروازەیەکی بچووك پەیوەست بە دەوڵەتی خوارزم بنووسین، بۆئەوەی خوێنەر ئاشنای سروشتی دەمەزراندن و ڕەوڕەوی ڕۆژگاری گەشی دەوڵەتەکە بێت، تاوکو باشتر لە ڕەهەندەکانی ئەم دەستوەردانە بگات.

**کلیلە وشەکان:** (خوارزم، ئەیوبی، دەستوەردان، هۆکارەکان)

**1-پێشەکی:**

لەمێژووی دێرینەوە تا ئەمڕۆ دەستوەردانی دەوڵەتان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکدا، دیاردەیەکی باوی سیاسیە، هەمیشە جێگەی باس و خواسی نووسەران و توێژەران بووە، چونکە لێکەوتەکانی ئەم دەستوەردانە کاریگەری و شوێنەواری لە کایە جیاوازەکان لەسەر هەردوولا دیار و بەرچاوە. لەو سۆنگەیەوە بەدوای ڕەهەندەکانی دەستوەردانی هێزێکی دەرەکی دا گەڕاوین لە دەوڵەتێکدا کە کورد سەرکردایەتی دەکرد، کە دەوڵەتی ئەیوبیە، ئاکامەکەی دارمانی ئەو دەوڵەت بوو، بەو هیوایەی ئەم توێژینەوەیە ببێتە مایەی وەئاگاهاتنی دەسەڵاتداران و کۆمەڵگای کوردی و پەند لە مێژووی خۆیان وەربگرن و کۆتایی بە ئاڵنگاریەکانیان بهێنن، بە مەبەستی بەهێزکردنی وڵاتەکەیان.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی توێژینەوەیەکی تایبەت لەو بارەیەوە بەهیچ زوبانێك، هێندەی ئێمە ئاگاداربین و دیڤچوونمان بۆی کردبێت.

بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیە لە ڕەهەندەکانی دەستوەردانی دەوڵتێك لە کێشە ناوخۆیەکانی دەوڵەتێکی دیکەدا، بەمەبەستی ئاشنابوون بە لێکەوتەکانی ئەو دەستتێوەردانەو بەئامانجی لێفێربوون و ئەزموون وەرگرتن.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە خوێنەر بڵێین هەموو دەستوەردانێکی وڵاتێك لە دەوڵەتێکی دیکە بە زیانی هەردوولا دەشکێتەوە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگا چاودێربێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و لە ئەگەری بوونی سیاسەتی لەو جۆرە لە وڵاتەکەیدا دەنگی نارەزایەتی بەرزبکاتەوە و دژی ئەم ڕەفتارە بووەستێتەوە، بۆئەوەی هاونیشتیمانیان و وڵاتەکەی لە کارەساتی گەورە بەدوربێت.

لەم توێژینەوەیدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی بەکارهاتووە لە جۆری بەراوردکاری و شیکاری ڕووداوەکان بە پشت بەستن بە دەقە مێژووییەکان.

**2- خوارزمیەکان**

خوارزم لەبنەڕتدا ناوی هەرێمێکی جوگرافی فراوانە(یاقوت الحموی، 1995، ج2، ص397) و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی[1]، خەڵکەکەی بە (کرکانج) ناویان هاتووە(یاقوت الحموی، 1995، ج2، ص397)، لەلایەکی دیکە ناوی خوارزم بە ناوی ناوچەیەك هاتووە کە ناوە ئەصڵیەکەی (جورجانیە) و دانیشتوانەکەشی بە (أورکنج) هاتووە(جوینی، ١٣٩٠، مج1، ص146). لەسەدەکانی ناوەڕاست دا هەرێمی خوارزم دوو پایەتەختی هەبوو، یەکەمیان بەناوی (کاث) و دووەمیان بەناوی (الجرجانیة)[2]، خوارزم وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە ئاو، بەوهۆیەوە ئاو و هەوای سازگار و لەڕووی بەروبوومیشەوە دەوڵەمەندە(الاصطغری، 2004، ص300؛ صبرە، 1987، ص9-10)، گەڕیدەیەکیش لەوەسفی بەروبوومە کشتوکاڵیەکانیدا باسی نایابی و بەتامی ترێ و کاڵەکی کردووە کە جێگەی سەرنجی ناوبراو بووە(ابن بطوطة، ١٤١٧ هـ، ج3، ص3)، ئەمە سەرەڕای گۆشتی ماسی(یاقوت الحموی، 1995، ج2، ص395). لەڕووی ڕەگەزەوە خەڵکی خوارزم تورك بوونە و بە گەلێکی ئازا و بەتوانا وەسف کراون(القزوینی، دون تاریخ، ص525). بە تێپەڕبوونی کاتیش خوارزم بووە ناوی دەوڵەتێك کە سنورەکەی لە ڕۆژئاوا گەیشتە سنوری عێراقی عەرەبی و لە ڕۆژهەڵات گەیشتە هیند و لە باکور دەریای قەزوێن(ئارال)ەوە بۆ کەنداوی فارسی و لە باشور زەریای هیند(حمدی، 1949، ص36) ، هەڵبەتە بنچینەی ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیەك بەناوی (نوشتکین(471ك/1077ز-490ك/1096ز)[3]، کە بەناوی سەلجوقیەکانەوە فەرمانڕەوایی هەرێمی خوارزمی دەکرد، لەدوای مردنیشی ( محمد کوڕی أنوشتکین490ك/1096ز-521ك/1127ز) کرایە فەرمانڕەوای خوارزم(ابن الاثیر، 1997، ج8، ص410-411؛ البناکتی، 2007، ص247)، نازناوی (خوارزمشاە)[4]ی پێبەخشرا، بەوپێیەش (قطب الدین محمد) بەیەکەمین شای خوارزم[5] دادەنرێت(قزوینی، دون تاریخ، ص 120؛ عباس اقبال، 1990، ص319)، هەڵبەتە ئەمە لەپای ژیری و بەتوانایی خۆی و دۆستایەتی باوکی و خۆشی بووە لەگەڵ سەلجوقیەکان، کە ئەم پایەی وەرگرتووە(ابن خلدون، 1988، ج5، ص105)، ناوبراو بۆماوەی سی ساڵ وەك شای خوارزم بەردەوام بوو، هەمیشە گوێڕایەڵ و دڵسۆزی سەلجوقیەکان بوو، لەساڵی(521ك/1127ز) ماڵئاوایی لەژیان کرد، لەدوای خۆی کوڕەکەی بەناوی(علاء الدین اتسز(521-551ك/1127-1156ز) بووە شای خوارزم(قزوینی، دون تاریخ، ص 120؛ خواندمیر، دون تاریخ، ج2، ص630)، کەوتە ناکۆکی لەگەڵ سەلجوقیەکان و هەوڵی سەربەخۆیدا(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابن الاثیر، 1997، ج9، ص100، 115، 120-121، 128؛ جوینی، 1390، ج2، ص5-6؛ ابوالفداء، دون تاریخ، ج3، ص15-16) ، لەساڵی (538ك/1143ز) سوڵتانی خوارزم سەربەخۆیی پەیڕەو کرد(جوینی، 1390، ج2، ص7؛ خواندمیر، دون تاریخ، ج2، ص632)، لەدوای مردنی ناوبراو کوڕەکەی (أیل ارسلان) شوێنی دەگرێتەوە لەفەرمانڕەوایتیدا لەساڵی (568ك/1172ز) وەك شای خوارزم دەست بەکار بوو(ابن الاثیر، 1997، ج9، ص229، 319، 372؛ قزوینی، دون تاریخ، ص120؛ جوینی، 1390، ج1، ص1314؛ رشد الدین، 1373، مج1، ص342-343)، بەڵام ناوبراو ڕووبەڕووی کێشەی ناوخۆیی(ابن الاثیر، 1997، ج9، ص 229، 31، 370-374) و دەرەکی هات(بڕوانە: ابن الاثیر، 1997، ج9، ص372-379؛ رشد الدین، 1373، ج1، ص343-350؛ ابن خلدون، 1988،ج5، ص108-112)، بۆیە ملکەچی بۆ سوڵتانی سەلجوقی دوپات کردەوە (النویری، ١٤٢٣ هـ، ج27، ص141؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عفاف، 1987، ص48-59)، بەڵام دەسەڵاتی ناوبراو درێژەی نەکێشا و براگەورەکەی (علاء الدین تکش)( صبرە، 1987، ص61-95) لەدژی ڕاپەڕی و بەسەریدا سەرکەوت و لەسەر تەختی خوارزم دانیشت و لەماوەی (568-

---

[1] دەکەوێتە کۆتایی لێوارەکانی ڕووباری جەیحون و لە دەرەوەی هەرێمی خوراسانە، ڕووباری جەیحون لەدەرەوەی هەرێمەکە هەڵدەقوڵێ و بەناو خاکی خوارزم دا تێدەپەڕێت و دەڕژێتە دەریاچەی خوارزمەوە (الاصطغری، ٢٠٠٤، ص299)، کە ئەم دەریاچەیە دەکەوێتە بەشی باشوری هەرێمەکە (المهلبی، دون تاریخ، ص159)، سنوری ئەم هەرێمە بە ماوراء النهر لە ڕۆژهەڵات (مؤلف مجهول، ١٤٢٣ هـ، ص137) و مەملەکەتی تورکە غوزەکان لە ڕۆژئاوا و خوراسان لە باشور و وڵاتی تورك لە باکور دەور دراوە (الاصطغری، 2004، ص299)، ناوی خوارزم بۆتە ناسنامەی چیاکانیش و یەکێك لە چیاکانی وڵاتەکە بەوناوەوە ناسراوە (البکری، ١٩٩٢، ج1، ص445)، وەك شارێکی جوان و گەورەی سەر بە هەرێمی بلاد ماوراء النهر وەسف کراوە (ابن بطوطة، ١٤١٧ هـ، ص )239.

[2] شارێکی گەورەیە لەسەر ڕووباری جەیحون. یاقوت الحوی، 1995، ج2، ص122.

[3] ناوبراو ناوی بەشێوەی جیاواز لەیەکتری هاتووە لە سەرچاوەکاندا (بلتکین یان انوشتکین یان نوشتکین) بڕوانە: ( غفاری قزوینی، دون تاریخ، ص120؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ج4، ص35؛ حمدالله مستوفی، 1362ش، ص480؛ ابن خلدون، 1988 ج5، ص)105.

[4] خوارزمشاە: ئەو نازناوێکی کەسی بوو، بەو کەسە دەوترا کە فەرمانڕوایتی خوارزمی دەکرد. (سیاقی، 2009، ص17).

[5] بێگومان نازناوەکە لەلایەن سەلجوقیەکان (قطب الدین محمد) بەخشراوە، واتا سەر بە سەلجوقیەکان بووە و هێشتا لە ژێر ڕکێفی ئەواندا فەرمانڕەوایی ناوچەکەی کردووە.

596ك/1172-1199ز) فەرمانڕەوایی بەسەر دەوڵەتی خوارزمدا کرد(ابن الاثیر، 1997، ج9، ص372-379؛ رشد الدین، 1373، ج1، ص343-350؛ ابن خلدون، 1988، ج5، ص108-112)، توانی بەسەر وڵاتەکەیدا زاڵبێت(البنداری، 1900، ص277)، لەڕۆژگاری ناوبراودا سنوری قەڵەمڕەوی خوارزم فراوان بوو، چونکە لەلایەك زەویە داگیرکراوەکانی وەرگرتەوە(ابن الاثیر، 1997، ج9، ص377)، لەلایەکی دیکە سنورەکەی بە ئاڕاستەی خوراسان و ڕەی و هەمەدان و هەرێمی چیا درێژکردەوە، هەر لەڕێگادا بەرەو نیسابور مرد لەساڵی(5696ك/1173ز)( ابن خلدون، 1988، ج5، ص114).

لەو ساڵەدا (علاء الدین محمد کوڕی تکش (568-596ك/1172-1199ز) دەسەڵاتی گرتە دەست(قزوینی، دون تاریخ، ص 121؛ جوینی، 1390،ج2، ص47-93؛ رشد الدین، 1373، ج1، ص 402؛ ابن الوردی، ١٩٩٦، ج2، ص114؛ حمدالله مستوفی، 1362، ص490)، ناوبراو هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی کێشەی ناوخۆ بوویەوە لەگەڵ برازاکەی(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص171-172؛ رشد الدین، 1373، ج1، ص 403-407)، لەلایەکی دیکە وڵاتەکەی دووچاری هێرشی دەرەکی هات(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص176-178؛ ابو الفداء، دون تاریخ، ج3، ص100)، بەڵام زۆری نەبرد توانی دەوڵەتەکەی لەو دۆخە ڕزگار بکات(خواندمیر، دون تاریخ، ج2، ص643)، تەنانەت لەساڵی(612ك/1215ز) دەستی بەفراوانخوازی کرد لەسەر حسابی دەوڵەتانی دراوسێ(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص292؛ ابن خلدون، 1988،ج5، ص124؛ حمدی، 1949، ص34-35؛ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی غوری و خوارزم بڕوانە: سلطان، 2008، ص44-55)، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات لوتبەرزی و لەخۆبایی بوونی ئەم سوڵتانە دەوڵەتی خوارزمی گەیاندە کەناری داڕمان(شوان، 2021، ص19)، بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ مەغۆلەکان(نسوی، ١٣٦٥ش، ص50-52؛ جوینی، 1390، ج1، ص62-66؛ حمدالله مستوفی، 1362، ص 494-495)، بۆیە مەغۆل وەك هێزێکی گورز وەشێن هاتن و دەوڵەتی خوارزمیان داگیرکرد(جوینی، 1390، ج1، ص62-140؛ العرینی، 1981، ص108-144)، سوڵتانی خوارزم ڕای کرد بۆ دوورگەیەك لە دەریای خەزەر، لەوێ گیانی لەدەستدا لەساڵی(617ك/1220ز )( نسوی، 1365، ص67-69؛ الجوزجانی، ٢٠١٣، ج2، ص471)، هەرچەندە (جلال الدین منکبرتی(617-628ك/1220-1231ز)کوڕی هەوڵیدا بۆ ڕزگارکردنهی دەوڵەتەکەی، بەڵام نەیتوانی و شکستی هێنا(بڕوانە: نسوی، 1365، ص106-112؛ سیاقی، 2009، ص79-83)، لە کۆتایدا لەساڵی (628ك/1231ز) سوڵتان جلال الدین دەکوژرێت(مؤلف مجهول، ٢٠١٠م، ص389)، بەمە کۆتایی بە دەوڵەتی خوارزم هات.

**3-سروشتی بەریەککەوتنی خوارزمیەکان و ئەیوبیەکان**

لە ڕاستیدا یەکەمین بەریەککەوتنی ئەیوبی و خوارزمییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی الملك العادل سیف الدین(596-615ك/1199-1218ز) و سوڵتان علاء الدین محمد خوارزمشا(596-617ك/1199-1220ز)، کاتێك سوڵتانی خوارزم زنجیرەیەك سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەسەر ماوراء النهر و ئێران و عێراقی عەجەمی(جوینی، 1390، ج2، ص74-126)، لەهەمان کاتدا الملك العادلیش سەرکەوتنی بەسەر وڵاتی شام و میسر دا بەدەستهێنابوو، توانیبووی خاچییەکان بووەستێنێ(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص200-201، 263، 302-304)، بە ئاخافتنی توێژەرێك ئەمە وای لە هەردوو سوڵتان کردبوو، کەوا پەیوەندیەکی دۆستانە و تۆکمە لەنێوانیان دا هەبێت(صبره، 1987، ص149-150)، بۆیە لەساڵی (615ك/1218ز) سوڵتانی خوارزم (علاء الدین محمد) نوێنەری خۆی نارد بۆ لای سوڵتان الملك العادلی ئەیوبی، کە لەو کاتەدا سوڵتانی ئەیوبی لە دەرەوەی دیمەشق(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص228؛ أبو شامة، ١٩٧٤، ص109-110؛ ابن کثیر، ٢٠٠٣، ج17، ص74-75 )، الملك العادل وڵامی سوڵتانی خوارزمی دایەوە، بۆ ئەم مەبەستە نێردەیەکی نارد کەپێکهاتبوون لە (جمال الدین محمد الدولعی شافعی [6] )وتاربێژی دیمەشق و (نجم الدین خلیل ابن علی حەنەفی [7])، کاتێ گەیشتنە هەمەدان نەیانتوانی چاویان بکەوێت بە سوڵتانی خوارزم، بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کێشەی مەغۆلەکان و ئەو فشار و هەڕەشانەی دەیانکردە سەر شاری بوخارا، بۆیە لەگەڵ (جلال الدین)ی کوڕی

---

([6] ) جمال الدین خطیب، وتارخوێنی مزگەوتی دیمەشق بوو، خەڵکی گوندی الدولعیة نزیگ دەرگای موصلە لەسەر ڕێگای موصل بەئاراستەی نصبین. ابن واصل، 1957، ج5، ص45.

([7] ) نجم الدین خلیل ابن علی الحنفی: خلیل بن علی بن الحسین بن علی، لە دیمەشق خوێندوویەتی لە بواری فقهدا، بەتوانا بووە لە کایەی هونەر و ئەدەبدا، دادوەری سەربازی بووە لە دەوڵەتی ئەیوبیدا لەسەردەمی الملك العادلی یەکەمدا، لە مانگی صفری(641ك/1243ز) مردووە (ابن العدیم، دون تاریخ، ج7، ص3379-3380؛ القرشی، ١٣٣٢ هـ، ج2، ص383؛ المقریزی، ٢٠٠٦، ج3، ص438-439)، لە هەندێ سەرچاوەدا بە (نجم الدین خلیل المصمودی الحنفی الحموی)ناوی هاتووە. ابن واصل، 1953، ج3، ص180؛ ج4، ص141؛ المقریزی، 1997، ج1، ص181، 183).

سوڵتان کۆبوونەوە، لەوکاتەدا هەواڵی مەرگی سوڵتان الملك العادل گەیشت، بۆیە ئێردەکە گەڕایەوە دیمەشق(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص228؛ مؤلف مجهول، 2010، ص215-216؛ أبو شامة، 1974، ص109-110؛ ابن کثیر، 2003، ج17، ص74-75). سوڵتانی خوارزم خواستێکی زۆری هەبووە بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ئەیوبییەکان، تاوەکو هاوپەیمانییەك بێت دژی نەیارانیان(عبدالله، 1996، ص44-45)، بەتایبەت لەدوای شکستی لە هێرشکرنە سەر بەغداد لەساڵی (614ك/1117ز) ( نسوی، 1365، ص19-31)، وەلێ نازانێ ئامانجی سوڵتانی خوارزم لە دروستکردنی ئەم پەیوەندیە بە دیاری کراوی چی بووە(صبرە، 1987، ص150). بە وردبوونەوە لە بارودۆخی ئێوخۆی دەوڵەتی ئەیوبی و بارودۆخی دەرەکی دەوڵەتی خوارزم کە خۆی دەبینێتەوە لە سەرقاڵبوونی ئەیوبییەکان بە پرسەی مەرگی الملك العادل و هەوڵەکانی خوارزم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل لە ڕۆژهەلات ئەم گەنگەشەیەی ئێوان هەردوولا نەگەیشتنە خاڵی کۆتایی و بەکۆتا هات.

**4-ڕەهەندەکانی دەستوەردانی خوارزمییەکان لە کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا**

لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی(7ك/13ز) خوارزمیەکان دەستیان خستە ناو کێشە ناوخۆییەکانی بنەماڵەی ئەیوبی، لەڕێگەی پشتیوانیکردن لە هێزێك دژی هێزێکی دیکە لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، هەڵبەتە ئەم دەستوەردانە لە دوو قۆناغی جیاواز دا ڕوویداوە، کە لە قۆناغی یەکەمدا بە ڕێبەرایەتی خودی سوڵتان جلال الدین پشتیوانی لە دیمەشق کرا، لە دژی پادشای میسر و پادشای خلاط، کە سەرجەمیان ئەیوبی بوون، وەلێ لە قۆناغی دووەمدا دەستوەردانەکە بە سەرکردایەتی (حسام الدین برکە خان و هەندێ لە میرەکانی خوارزم)بوو، کە بە پێچەوانەی قۆناغی یەکەم پشتیوانی بەرەی میسر بوون دژی دیمەشق و هاوپەیمانەکانیان لەسەرەتادا، بەڵام دواتر بێچەوانەبوویەوە، بێگومان ئەم دەستوەردانە بێ هۆکار نەبووە، کە هەندێك هۆکاری سەرەکی و هەندێکیش لاوەکیبوون، کە لەخوارەوە باسیان دەکەین.

**1-4- جوگرافی**

بەدرێژایی مێژوو، هاوسنوری و هاوسێیەتی هێز و دەوڵەتان، کاریگەری گەورەیان بەسەر یەکترەوە هەبووە، ئەو کاریگەریانە هەندێ جار ئەرێنی و هەندێ جار نەرێنی بووە، لەو سۆنگەیەوە پەیوەندیە دبلۆماسیەکان لە هەڵکشان و داکشان دابوون، بۆیە هاوسێبوونی دەوڵەتان هەندێ جار فریادڕەسە بۆ دەوڵەتێك لەکاتی تەنگژەبوونی ناوخۆیی یان دەرەکی(حسین، 2017، ص19-22)، بە بەڵگەی ئەوەی پادشای ئەیوبی لە دیمەشق، لەکاتی ناکۆکیەکانی لەگەڵ پادشای میسر و خلاط، سودی لە هێزی خوارزمیەکان وەرگرت(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص271)، بەتایبەت دوای ئەوەی خوارزمیەکان لەژێر هەڕەشەی مەغۆل(نسوی، 1365، ص66-70؛ جوینی، 1390، ص62، 74-75، 90، 106-119) ڕووەو ئازربایجان کشابوون و لەوێ گیرسابوونەوە، بەمە سنوری جوگرافیای وڵاتەکەیان لکاند بە دەوڵەتی ئەیوبی(نسوی، 1365، ص126، 145-150، 194-196؛ سیاقی، 2009، ص135-152).

نزیکبوونەوەی خوارزمیەکان لە سنوری دەوڵەتی ئەیوبی، هەریەکە لە (الملك الکامل(615-635ك/1218-1237ز) و (الملك الاشرف(615-635ك/1218-1237ز)ی ناچار کرد بیر لە ڕێککەوتن لەگەڵ خوارزمیەکان بکەنەوە(حسین، 2010، ص114)، بۆیە (الملك الاشرف) لە نامەیەکدا بۆ (سوڵتان جلال الدین) دەڵێ: (تۆ سوڵتان و گەورەی موسوڵمانانی)، ملکەچی خۆی بۆ دەردەبڕێت و ڕازی بوونی (الملك الکامل)ی برای بۆ هاوکاری و هەماهەنگی پێدەگەیێنێت(نسوی، 1365، ص224)، دواجار بەهۆی فشاری مەغۆل لەسەر دەوڵەتی خوارزم، سوڵتان ناچار بوو ڕێککەوتن بکات و داوای هاوکاری سەربازی لە سەرکردە موسوڵمانەکان بکات(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص311)، چونکە فشارە ناوخۆیەکان و دەرەکیەکان بۆ سەر خوارزمیەکان بەردەوام لە زیادبوون دابوو، بۆیە ڕووی کردە ئازربیجان(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص390، 393؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص181-183) و ناوچەکەی وەك ناوچەیەکی سەلامەتتر هەڵبژارد، کە لەوێوە دەتوانێ بە ئاڕاستەی دەوڵەتی ئەیوبی بکشێ، هەروەك کردی، بەنمونە لەساڵی (623ك/1226ز) لەشکری خوارزم دووچاری قەیرانی خۆراك هاتن لە تفلیس[8]، بەوهۆیەوە پەلاماری شاری ئەرزەڕۆمیان[9] دا و تاڵانیان کرد، سەروەت و سامانی خەڵکیان برد و ئافرەتانیان بەدیل گرت، بەمە لە سنورەکانی خلاط نزیکبوونەوە، ئەم

(8) تفلیس: شارێکە لە ئەرمینیا، هەندێکیش پێیدەڵێن ئاران، شارێکی دێرینە. یاقوت الحموی، 1995، ج2، ص35. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هاوسێبوون خوارزمیەکان لەڕێگەی تفلیس و نزیکی لە خلاط بڕوانە: البابیری، 2014، ص30-31.

(9) ارزن روم: شارێکی ناودارە لە نزیك خلاط، قەڵایەکی بەهێزی هەبوو. یاقوت الحموی، 1995، ج1، ص150.

هەنگاوەی خوارزمیەکان کاردانەوەی لەلایەن میرەکانی ئەیوبی لێکەوتەوە، بەنمونە (حسام الدين حاجب [10]) کە جێگری (الملك الاشرف) بوو لە خلاط، بەلەشکرێکەوە هێرشی کردە سەر سوپای خوارزم، توانی بەشێك لە تاڵانیەکەیان لێوەربگرێتەوە(ابن الاثير، 1997، ج10، ص412؛ جوينى، 1390، ج2، ص167)، بێگومان ئەم ڕووداوە بووە هۆی لێکترازانی ئەو تێڕوانینەی خوارزمیەکان و ئەیوبیەکان لە هاوپەیمانیەتێکدا کۆبکاتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی لەدواتردا سوڵتانی خوارزم چەندین لەشکرکێشی دەکاتە سەر شاری خلاط(جوينى، 1390، ج2، ص174-180؛ الغسانى، 1975، ج1-2، ص418، 423؛ حسين، 2010، ص116)، وەلێ ئەوەی (حسام الدين) کردی پەرچەکرداری ڕەفتارەکانی سوڵتانی خوارزم بوو، بەڵام ڕووداوەکە ڕێگە خۆشکەربوو بۆ دەستوەردانی سوڵتانی خوارزم لە کێشەکانی ناوخۆی دەوڵەتی ئەیوبیدا(ابن نظيف الحموى، 1981، ص161-162؛ نسوى، 1365، ص184-188، 194-199؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص207-208)، بەتایبەت دوای ئەوەی خوارزمیەکان دووچاری کێشەی گەورەی ئابووری بوونەوە لە وڵاتەکەیان، بەهۆی هێرشەکانی مەغۆل، بۆیە دەیانویست لەسەر حسابی ناوچەکانی دەوروبەر پێداویستیە ئابووریەکان پڕبکنەوە(ابن الاثير، 1997، ج10، ص412؛ حسين، 2010، ص116؛ البابيرى، 2014، ص156).

کاریگەریە جوگرافی زیاتر دەرکەوت کاتێك ناکۆکی ناوخۆی دەوڵەتی خوارزم زیاتر پەرەی سەند، بەتایبەت لەنێوان (سوڵتان جلال الدين) و (غياث الدينى برای[11]) لەسەر دەسەڵات لەساڵی (625ك/1227ز)، بەوهۆیەوە میرەکانی خوارزم ترسان لەوەی ئەم ناکۆکیە ببێتە مایەی لەناوچوونیان، چونکە لەو کاتەدا مەغۆل پەلاماری وڵاتەکەیانی دابوو، جلال الدين لەترسی براکەی لەگەڵ لایەنگرەکانی رووی کردە (خوزستان[12])، بەمەبەستی خۆ بەهێزکردن و بەدەستهێنانی پشتیوانی دەرەکی[13]، بۆئەوەی لەبەرامبەر براکەی و نەیارەکانی لە خوارزم سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. لە بەرامبەردا (غياث الدين) رووی کردە (ئەسفەهان[14])، بەوهۆیەوە تا دەهات درزی نێوانیان گەورەتر دەبوو، چونکە لەبری وەلانانی کێشەی نێوانیان لەسەر جێنشینی و نەخشاڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل، کەچی مەملەکەتی (ئیسماعیلیەکانیان[15] )خزاندە نێو ئاڵنگاریەکانیان(ابن الاثير، 1997، ج10، ص428)، بەوهۆیەوە کێشەکانی دەوڵەتی خوارزم فرەتر بوو، تا گەیشت بەوەی (غياث الدين) و بەشێك لە میرەکان (سوڵتان جلال الدين)یان لە مەیدانی جەنگی دژ بە مەغۆل بە تەنها جێهێشت(ابن الاثير، 1997، ج10، ص429؛ جوينى، 1390، ج2، ص201-207)، لەکاتێکدا کێشەی نێوانیان کۆتایی پێهێنابوو و هەردوولا ڕێککەوتبوون(ابن الاثير، 1997، ج10، ص428)، بەڵام دواجار لەپاڵ برای سوڵتاندا وەزیریش لە گوێڕایەڵی دەرچوو لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لەسەربازەکانی، سوڵتانیان وەلانا و کەوتنە دژایەتی کردنی(ابن الاثير، 1997، ج10، ص446؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص329)، بێگومان لە دۆخێکی وەهادا سوڵتانی خوارزم پێویستی بە هاوپەیمانی دەرەکی بوو، بۆ ئەم مەبەستە هێزە هاوسنوریەکانی لە ڕۆژئاوا بۆ هاوپەیمانێتی ئاسانتر بوو لە هێزە دوورە دەستەکانی دیکە، هەروەك لەسەر خواستی (الملك ناصر داود626-647ك/1228-1249ز) هاوپەیمانیان کرد و بەوهۆیەشەوە دەستوەردانی لە کێشەناوخۆییەکانی ماڵباتی ئەیوبیدا کرد(مؤلف مجهول، 2010، ص378-379؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص240).

([10] ) حسام الدين الحاجب: على بن حماد یەکێك لە ئومەراکانی دەوڵەتی ئەیوبی و جێگری الملك الاشرف بوو لە شاری خلاط، میرێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە، هەڵساوە بە دروستکردنی مزگەوت و خانەقا و نەخۆشخانە، لەبواری ئاواکاریدا ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، لەساڵی (627ك/1229ز) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەیوبی و بە بڕیاری خودی الملك الاشرف کوژرا. الذهبى، 1993، ج45، ص256.

([11] ) غياث الدين: کوڕی سوڵتان علاء الدين محمد خوارزمشا، لەدوای مردنی باوکی کەوتە ناکۆکی لەسەر شوێنگرتنەوەی باوکی، بەڵام نەیتوانی سەرکەوێت بەسەر براکەیدا. بڕوانە: نسوى، 1365، ص100-105.

([12] ) خوزستان: هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەکانی تاستەر و جونديساپور و ناحیەی ئیدج و ئیسفەهان، سەبارەت بە خاکی خوزستانیش تاڕادەیەک لە خاکی عێراق دەچێت. ياقوت الحموى، 1995، ج2، ص405.

([13] ) ابن الاثير، 1997، ج10، ص428؛ نسوى، 1365، ص-85-88؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص232-233.

([14] ) ئەسفەهان: شارێکی گەورەیە و بە کەسایەتییە دیارەکانی بەناوبانگە، لە هەرێمی چوارەمە. بڕوانە: ياقوت الحموى، 1995، ج1، ص206.

([15] ) ئیسماعیلیەکان: ئیسماعیلیەکان لە سەرەتادا گروپێکی شیعەی میانەڕەو بوون، ئەم ناولێنانەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئیسماعیلی کوڕە گەورەی ئیمام جەعفەری سادق، لەگەڵ گروپی ئیمامیەکاندا هەتا جەعفەری سادق گرفتیان نییە و هاوڕان لە پێشەوایەتیدا، بەڵام لە دواتردا جیادەبنەوە, ئیسماعیلیەکان پێیانوایە لەپاش جەعفەری سادق، پێشەوایەتی لە ڕێگەی دەق و دیاریکردنەوە گواستراوەتەوە بۆ ئیسماعیلی کوڕە گەورەی، بەڵام ئیمامیەکان دەڵێن لەپاش جەعفەری سادق، کوڕە بچوکەکەی کە موسای کازمە دانراوە بە پێشەوا، هۆکاری ئەم جیاوازیەش ئەوەیە، بەلای زۆربەی مێژوونووسانەوە، ئیسماعیلی کوڕە گەورەی جەعفەری سادق، لە ژیانی باوکیدا مردووە، بۆیە ئیمامیەکان دەڵێن پێشەوایەتی لە جەعفەری سادقەوە گواستراوەتەوە بۆ موسای کازم. الشهرستانى، دون التاريخ، ج1، ص144-149؛ الباكستانى، ١٩٩٥، ص228-231.

هاوسنوری سوڵتانی خوارزم بە تەنها مەترسی نەبوو بۆ سەر بەشێك لە ماڵباتی ئەیوبی، بەڵكو بووە مایەی هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتی سەلجوقی ڕۆمی، بە بەڵگەی ئەوەی كاتێك خوارزمیەكان شاری خلاطیان لە ساڵی (627ك/1230ز) داگیر كرد، سوڵتانی سەلجوقی ڕۆم پەیوەندی بە (الملك الاشرف)ی خاوەنی خلاط كرد، بە مەبەستی دروستكردنی هاوپەیمانیەك لە نێوانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خوارزمیەكان(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص303؛ ابن العبری، 1992، ج1، ص245)، بەوهۆیەوە جەنگ لەنێوانیان دەستی پێكرد، دواجار خوارزمیەكان شكان(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص304؛ جوینی، 1390، ج2، ص180-183؛ حسین، 2010، ص116-117)، هەڵبەتە ئەمە لە ئەنجامی دەستگرتنی خوارزمیەكان بەسەر ناوچەی دەسەڵاتی (الملك الاشرف) دا، كە خوارزمیەكانی ئاوێتەی جوگرافیای دەوڵەتی ئەیوبی كرد بوو، مەترسی بۆ سەر ئەیوبیەكان و سەلجوقیەكانی ڕۆم زیاتر كردبوو.

ڕۆڵی جوگرافیا روونتر دەردەكەوێت بەگوێرەی ئەو ئامۆژگاریەی كە (الملك الكامل) بۆ (الملك الاشرف)ی برای كردی، كە واز لە ڕۆژهەڵات بهێنێت و لە بەرامبەردا دیمەشق وەربگرێت، چونكە ڕۆژهەڵات هەمیشە مەترسی خوارزمیەكانی لەسەرە(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص307)، ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە ڕاستی ئەو ئامۆژگاریەی ناوبراو لە هەمبەر خواستی خوارزمیەكان بۆ فراوانخوازی بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوای وڵاتەكەیان زیاتر دەردەكەوێت، بەنمونە لەدوای لاوازبوونی سەلجوقیەكان لە بەغداد، (سوڵتان علاء الدین محمد خوارزمشا)، بڕیاریدا دەست بەسەر خەلافەتی عەباسیدا بگرێت و شوێنی سەلجوقیەكان بگرێتەوە لە كاروباری سیاسی و سەربازیدا لەساڵی (614ك/1217ز)( ابن الاثیر، 1997، ج10، ص299-302)، ئەم خواستە لەدواتر دا پەرەی پێدرا لەسەر دەستی (سوڵتان جلال الدین) دا(ابن نظیف الحموی، 1981، ص109) وەك لەپێشتردا باسمان كرد.

خوارزمیەكان دوای لە دەستدانی وڵاتەكەیان و دەستگرتنی مەغۆلەكانە بەسەر ناوچەكە بەتەواوی و كوژرانی (سوڵتان جلال الدین)، بە وڵاتی سەلجوقی ڕۆمی(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص312) و دەوڵەتی ئەیوبیدا بڵاوبوونەوە(ابن نظیف الحموی، 1981، ص229؛ الصلابی، 2010، ص191؛ فلح، 2013، ص9-35)، كە دواجار بوونە مایەی نەهامەتی بۆ هەردوو وڵاتەكە، بە بەڵگەی ئەوەی زۆری نەبرد كێشە كەوتە نێوانی سوڵتانی سەلجوقی ڕۆمی و خوارزمیەكان، بەوهۆیەوە خوارزمیەكانی دیكە ڕایانكردە نێو قەڵمەڕەوەی دەوڵەتی ئەیوبی، بە ئامانجی دۆزینەوەی لانەیەكی ئارام و لە هەرێمی الجزیرە و دەوروبەری الرها[16] و حران[17] نیشتەجێبوون، بەوهۆیەوە پشتیوانیان لە (الملك الصالح نجم الدین ایوب(637-647/1240-1250ز) كرد لەساڵی (634ك/1236ز)( سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص340؛ ابن العدیم، 1996، ص491)، بەڵام زۆری نەبرد، ناكۆكی كەوتە نێوان (الملك الاشرف) و (الملك الكامل) لەسەر فراوانبوونی دەسەڵاتی (الملك الكامل) لەبەشی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی، كە ناڕازیی (الملك الاشرفی) لێكەوتەوە، بەوهۆیەوە خوارزمیەكان كەوتنە دەستوەردانی سەربازی لە كێشەی نێوان ئەم دووبرایە و پشتیوانی بەرەیەكیان كرد دژی ئەوەی دیكە(الدواداری، 1972، ج7، ص317-318)، لەو سۆنگەیەوە كاریگەری شوێنی جوگرافیا لە دەستوەردان لە كێشە ناوخۆییەكانی دەوڵەتی ئەیوبیدا بابەتێكی نكۆڵی لێنەكراوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر خوارزمیەكان نەبوونایە هاوسێی ئەیوبیەكان نەیان دەتوانی بە ئاسانی بچنە ناو دەوڵەتی ئەیوبی و دەستوەردان لەو ئاڵنگاریانەدا بكەن كە لە دەوڵەتی ئەیوبیدا بەردەوامی هەبوو.

**2-4- خواستی فراوانخوازی**

بە گەڕانەوەمان بۆ ڕووداوەكانی دەوڵەتی خوارزم لەماوەی ساڵانی(568-617ك/1172-1220ز) خواستی فراوانخوازی سوڵتانەكانی دەوڵەتی خوارزم بە ئاراستەی ڕۆژئاوای دەوڵەتەكەیان بە ئاشكرا درك پێدەكرێت، بەتایبەت كاتێك سوڵتانی خوارزم هێرشێكی فراوانی بە ئاراستەی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی لەساڵی (590ك/1194ز) دەست پێكرد، بە ئامانجی دەستگرتن بەسەر ناوچەكە(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص127؛ ابن خلدون، 1988، ج5، ص127) و شوێنگرتنەوەی سەلجوقیەكان لە خەلافەتی بەغداد دا(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص 153؛ ن. و. پیكو توسكایا و اخرون، 1353هەتاوی، ص281)، هەڵبەتە ئەم خواستی فراوانخوازیە بەردەوامی هەبوو، بە میرات بۆ سوڵتان جلال الدین مایەوە، بۆیە لەوپێناوەدا هەنگاوی كرداری نا(ابن الاثیر، دون تاریخ، ص34-35؛ حسن، 1996، ج4، ص96-101)، بەڵام ئەم خواستە هەروا ئاسان نەبوو، لەبەرئەوەی بەرنگاربوونەی

(16) الرهاء: شارێكە لە جەزیرە لە نێوان موصل و شام، ناوەكە دەگەڕێتەوە بۆ (الرها ابن الروم كوڕی لنطی كوڕی سام كوڕی نوح، علیه السلام). یاقوت الحموی، 1995، ج1، ص106.

(17) حران: شارێكی گەورە و ناودارە لە جەزیرەی أقور، ڕۆژە ڕێیەك دوورە لە الرها. یاقوت الحموی، 1995، ج2، ص235.

سوپای خەلافەت بەهێزبوو لەلایەك(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص127-129؛ ابن خلدون، 1988، ج5، ص127-129)، لەلایەکی دیکە ئاڵنگاریە ناوخۆییەکانی دەسەڵاتدارانی خوارزم سوڵتانیان هەراسان کرد بوو(خواندمیر، دون تاریخ، ج2، ص640)، بەڵام خواستی فراوانخوازی نابراوی نەوەستاند (نسوی، 1365، ص19-23)، لەو سۆنگەیەوە درێژەی بە فراوانخوازی دا، بەڵام ئەویش بەدەستی عەباسیەکان دووچاری شکست هات (ابن الاثیر، 1997، ج10، ص389)، هەڵبەتە دەوڵەتی ئەیوبی بەشێکبووە لەخەلافەتی عەباسی (بڕوانە: عزام، 2016، ص143-159)، کاتێکیش (سوڵتان جلال الدین) لەساڵی (622ك/1225ز) دەستی بەسەر هەرێمی ئازربایجان داگرت (ابن الاثیر، 1997، ج10، ص393-395؛ اقبال، 1990، ص398؛ سیاقی، 2009، ص136)، بوونە هاوسنوری خلاط(نسوی، 1365، ص126، 145-150، 194-196؛ الرهاوی، تاریخ، ج2، ص261)، کە مەملەکەتی ئەیوبیەکان بوو(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص327؛ ابن العبری، 1991، ص255-256)، بەوهۆیەوە خواستی (سوڵتان جلال الدین) بە ئاراستەی ڕۆژئاوا پەرەی سەند، بەڵام فشارەکانی مەغۆل و سەرنەکەوتنی بەسەر خەلافەتی بەغداد دا(ابن الاثیر، دون تاریخ، ص34-35؛ سیاقی، 2009، ص147-152)، وایکرد بیر لە هاو پەیمانی بکاتەوە، بەنمونە دوای ئەوەی لەگەڵ فەرمانڕەوای دیمەشق هاوپەیمانیان پێکهێنا، داوای لە (الملك المعظم(615-624ك/1218-1226ز) کرد هاوکاری بکات لە هێرشکردنە سەر بەغداد(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص273؛ ابو شامة، 1974، ص144)، ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە کە سوڵتانی خوارزم خواستی فراوانخوازی بەکردەیی ناوە.

لەڕاستیدا دوای ئەوەی ناکۆکی کەوتە نێوان کوڕانی (الملك العادل(589-615ك/1193-1218ز)، بەوهۆیەوە دوو بەرەی دژ بەیەك دەرکەوتن، بەرەی میسر و خلاط لەلایەك و بەرەی دیمەشق لەلاکەی دی(ابن نظیف الحموی، 1981، ص94-95؛ أبو الفداء، دون تاریخ، ج3، ص131-132؛ حسین، 2010، ص108-110)، بەمە خەونی سوڵتانی خوارزم لە پشتیوانی هێزی ئەیوبی لە باربرا، بەتایبەت دوای ئەوەی (الملك المعظم) هەڵسا بەناردنی نێردراوی خۆی بۆلای سوڵتانی خوارزم، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر دژایەتی کردنی فەرمانڕەوایی خلاط و میسر(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص 271؛ الدواداری، 1972، ج7، ص266)، بەوهۆیەوە سوڵتانی خوارزم بەبیانووی دەستوەردان لە کێشەناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی و پشتیوانی لە خاوەنی دیمەشق، خواستی فرانخوازی لە شاری خلاط و دەوروبەری خستە بواری جێبەجێکردن، هێرشی کردە سەر شارەکە و گەمارۆیەکی توندی خستە سەر(ابن الاثیر، دون تاریخ، ص35؛ نسوی، 1365، ص297-328). لەڕاستیدا ڕووداوەکان وای دەردەخەن کە بەبێ پەیوەندی کردنی دەسەڵاتداری دیمەشق، خوارزمیەکان خواستی فروانخوازیان بە ئاراستەی خلاط هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی خودی (الملك الاشرف) درکی بە مەترسی خوارزمیەکان کردبوو، هەستی بە خواستی فروانخوازی (سوڵتان جلال الدین) لە مەملکەتەکەی کردبوو(ابن الاثیر، دون تاریخ، ص36)، وەلێ هەموو ئەو گومانانە وەڕاست گەڕان و سوڵتانی خوارزم لەماوەی ساڵانی (623-628ك/1225-1230ز) چەندین هەڵمەتی یەك لەدوای یەکی کردە سەر مەملکەتی (الملك الاشرف) بەتایبەت شاری خلاط(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص 410-411، 432-433، 436-438)، کەواتا بە ڕانانی ڕووداوەکان بە یەکتری دەتوانین بڵێین ڕەهەندی فراوانخوازی ڕۆڵێکی کارا و سەرەکی لە دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کێشە نێوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا هەبووە.

لەقۆناغی دووەمدا خواستی فراوانخوازی خوارزمیەکان گۆڕا بە دۆزینەوەی شوێنێك بۆمانەوە و ژیان کردن تێیدا(ابن واصل، 1957، ج5، ص179)، چونکە وڵاتەکەیان کەوتبووە دەستی مەغۆل(نسوی، 1365، ص126-130؛ جوینی، 1390، مج1، ص146-162؛ مج2، ص153-192)، بەوهۆیەوە پەرش و بڵاوبوونەوە بە وڵاتانی دیکەی ئیسلامیدا(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص447؛ ابن العدیم، 1996، ص507؛ ابن واصل، 1957، ج5، ص134)، بەنمونە بەشێکیان چونە ناو دەوڵەتی ئەیوبی و لە هەرێمی جەزیرە گیرسانەوە(ابن واصل، 1957، ج5، ص135) ، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی بێدەنگی و دان بەخۆداگرتن، بەڵکو سودیان لە بارودۆخەکە وەرگرت و ناکۆکی ئەیوبیەکانیان بەدەرفەت زانی بە ئومێدی دەستگرتن بەسەر هەندێ ناوچەدا، بەنمونە (الملك الصالح ایوب) لەترسی خوارزمیەکان ڕایکردە سنجار، چونکە خوارزمیەکان نیازی دەستگیرکردنی ناوبراو و دەستگرتن بەسەر ناوچەکەیان هەبوو، هەروەك بە کردەیی بۆ ماوەیەك دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص345؛ ابن العدیم، 1996، ص496-497)، بەڵام لەدواتردا زانیان ئەیوبیەکان بەهێزترن، بۆیە لەڕێگەی دەستوەردان لە کێشەناوخۆییەکانی ماڵباتی ئەیوبی، بە پشتیوانیکردنی بەرەیەك لە دژی بەرەیەکی دیکە خواستەکانیان بەدی دەهێنا(ابن واصل، 1957، ج5، ص176-182). لە کۆبەندی ئەم هۆکارەدا گەیشتین بەوەی خوارزمیەکان خواستی فراوانخوازیان پێشینەیەکی مێژوویی هەبووە، لەڕۆژگاری دوا سوڵتانی خوارزمیش ئەم خواستە بە ئاراستەی دەوڵەتی ئەیوبی بوونی نکوڵی لێنەکراوە، ئەم خواستە زیاتر ئاشکرابوو کاتێك ناکۆکی ناوخۆی

ماڵباتی ئەیوبی هاتە ئارا، کە لە ڕێگەی دەستوەردان لە ئاڵنگاریە ناوخۆیەکانی ئەو ماڵباتەدا توانی دەست بەسەر شاری خلاط و دەوروبەریدا بگرێت.

### 3-4- لەشکرکێشی مەغۆل

لە ساڵی(617ك/1220ز) مەغۆلەکان لەڕۆژهەڵاتەوە هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی خوارزم، دوای زنجیرەیەك بەیەکدادانی سەربازی لەنێوانیاندا، لەشکری خوارزم شکستی هێنا و زۆرێك لە شارە ناودارەکانی یەك لەدوای یەك لە ڕۆژهەڵات لەدەستدا(بڕوانە: جوینی، 1390، ج1، ص62-119؛ رشيد الدين، 1373 ، ج1، ص489-504؛ اقبال، 1990، ص351-377)، تا گەیشت بەوەی سوڵتانی ڕاکردووی خوارزم لە مازندەران[18] لەو ساڵەدا لەڕێگادا مرد(نسوی، 1365، ص67-69؛ الجوزجاني، ٢٠١٣، ج2، ص471؛ رشيد الدين، 1373، ج1، ص509-510)، لەدوای مردنی ناوبراو کێشە لەسەر دەسەڵات هاتە ئارا(نسوی، 1365، ص84-88؛ جعفريان، 1392هەتاوی، ج2، ص286)، بەڵام دواجار سوڵتان جلال الدين توانی بگاتە تەختی شاهانەی خوارزم(رشيد الدين، 1373، ج1، ص510؛ الدواداري، 1972، ج7، ص261)، ئیدی دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی سوپاکەی، ناوبراو هەوڵی زۆریدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆلەکان(ابن الاثير، 1997، ج10، ص429؛ رشيد الدين، 1373، ج1، ص511-521)، بەڵام بەهێزی مەغۆلەکان و ناکۆکی ناوخۆیی خوارزم، سوڵتانیان ناچار بە ڕاکردن بەرەو هەرێمی ئازربایجان کرد(ابن الاثير، 1997، ج10، ص445-446؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص320؛ رشد الدين، 1373، ج1، ص525-535)، کە بووە هاوسێی ئەیوبیەکان لە ناوچەکەدا، بەوهۆیەوە هەوڵی فراوانکردنی مەملەکەتەکەی بە ئاراستەی ئەیوبیدا دا(زيان، 1983، ص115)، لە ڕەوشێکی وەهادا سوڵتانی خوارزم پێویستی بە فریادڕەس هەبوو، لەو سۆنگەیەوە بەدوای هاوپەیمانی و بەدەستهێنانی هاریکاری سەربازیدا دەگەڕا لە جیهانی ئیسلامیدا، بۆیە هەوڵیدا لەڕێگەی دبلۆماسیەوە بەرەیەکی هاوپەیمانی گەورە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆلەکان پێکبهێنێت، بە بەڵگەی ئەوەی لەساڵی (622ك/1225ز) سوڵتان جلال الدين نێردراوێکی بەناوی (قاضی مجد الدین)[19] بۆ لای هەریەکە لە (الملك الاشرف(615-635ك/1218-1237ز) خاوەنی خلاط و (الملك الكامل (615-635ك/1218-1237ز) پادشای میسر و الملك المعظم(615-624ك/1218-1226ز) پادشای دیمەشق نارد، ئەوانیش بەجوانترین شێوە پێشوازیان کرد و لە هەمبەریدا ڕێزیان نواند، تەنانەت دەوترێت شەرابی لەگەڵ هەریەکە لە (الملك الاشرف و الملك المعظم) خواردۆتەوە(ابن نظيف الحموی، 1981، ص115)، بەڵام هیچ ئەنجامێکی دیاری لێنەکەوتەوە، چونکە لەلایەك سوڵتانی خوارزم لەگەڵ مەغۆل لە جەنگێکی توند دابوو، لەلایەکی دیکە کێشەی ناوخۆیی و کێبڕکێی دەسەڵات وایکرد ناوبراو زۆر نەپرژێتە سەر پەیوەندی دبلۆماسی، ئەمە جگە لەوەی ئەیوبیەکانیش لە ناوخۆدا لە کێشەیەکی گەورەدا بوون، نەیاندەتوانی هێز کۆبکەنەوە و یارمەتی ناوبراو بدەن، ناشبێت ئەوە لەیاد بکەین، کە پێشتر فەرمانڕەوای دیمەشق نێردراوی نارده لای سوڵتان جلال الدين بۆئەوەی هاوکاری بکات لە دژی براکانی، کە پێشتر ئاماژەمان پێیدا.

لە دیدگای نەبوونی هێزێکی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل لەلایەك و لەدەستدانی شار لەدوای شار، سوڵتانی خوارزمی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە پێویستە مەملەکەتێك بدۆزێتەوە بۆ بەردوامی ژیان تیایدا لەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتەکەی لە ناوچەکانی خوارزم و ئازربیجان، هەڵبەتە ئەمەی بۆ دەستەبەر بوو کاتێك (الملك المعظم عيسى) پادشای دیمەشق داوای هاریکاری لە سوڵتانی خوارزم لەدژی براکانی کرد(سبط ابن الجوزي، 2013، ج22، ص271؛ الدواداري، 1972، ج7، ص266)، لە بەرامبەردا ئامادەیی خۆیان بۆ چوونە ژێر دەسەتی سوڵتان جلال الدين دەربڕی و بڕیاریان دا وتار بەناوی سوڵتانی خوارزم بخوێنرێتەوە و دراویش بەناوی ئەوەوە لێبدەن، بەوهۆیەوە سوڵتانی خوارزم دەرفەتی هێنا و ڕەزامەندی نیشاندا(المقريزي، 1997، ج1، ص345)، چونکە پادشای دیمەشق ئامادەیی هەموو هاوکاریەکی سەربازی بۆ سوڵتانی خوارزم دەربڕی(ابن الاثير، دون تاريخ،

---

([18] ) مازندەران: ناوی ولاتێکە و مێژووی ناوەکەی نادیارە و لە سەدەکانی ناوەراست ناوچەکە زیاتر بە طبرستان ناسراوە. بڕوانە: ياقوت الحموی، 1995، ج4، ص13؛ ج5، ص41.

([19] ) قاضی مجد الدین: دادوەری مەمالیك سەر بە مەزهەبی حەنەفی بووە، نێردراوی سوڵتان جلال الدین بووە بۆ لای هەریەکە لە ئەیوبییەکان و بە نوێنەری سوڵتان چووە بۆ وەرگرتنی قەلای ئەلەموتی ئیسماعیلیەکان. ابن نظيف الحموی، 1981، ص115، 145، 151. زۆر گەڕام دەربارەی ژیانی کەسی و کاتی مردنی هیچم دەست نەکەوت

ص35؛ المقريزى، 1997، ج1، ص345)، بێگومان ئەمە هەلێکی زێڕین بوو بۆ سوڵتانی خوارزم بۆ دەستگرتن بەسەر مەملەکەتی (الملك الاشرف) لە ڕۆژهەڵات، کە بەوهۆیەوە ناکۆکی و پەشێوی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا فرەتر بوو(ابو شامة، 1974، ص147-148؛ زيان، 1983، ص115)، بۆیە لەسەر داواکاری پادشای دیمەشق سوڵتانی خوارزم چەندین جار هێرشی کردە سەر مەملکەتی ئەیوبی لە ڕۆژهەڵات و دەستیا بەسەردا گرت(جوينى، 1390، ج2، ص174-180؛ المقريزى، 1997، ج1، ص345) ، کاتێکیش سوڵتانی جلال الدين بە یەکجاری لە هەمبەر مەغۆلەکان شکستی هێنا و ڕایکرد و کوژرا(نسوى، 1365، ص278-282)، ژمارەیەکی زۆر لە خوارزمیەکان ڕوویان لە دەوڵەتی ئەیوبی کرد و لەوێ گیرسانەوە(ابن البيبى، دون تاريخ، ص250-251). لەکۆتایی ئەم ڕەهەندەدا گەیشتین بەوەی کە لەشکرکێشی مەغۆل کاریگەری هەبووە لەسەر دەستوەردانی خوارزمیەکان لەکێشەناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی، چونکە بەهۆی داگیرکردنی دەوڵەتی خوارزم لەلایەن مەغۆلەکان، خوارزمیەکان پەڕاگندەی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بوون، بەشێکی زۆر لەوانە چوونە مەملەکەتی ئەیوبیەکان لە هەرێمی جەزیرە و شام، بەمە دەستوردانێکی کارایان لە کێشە ناوخۆییەکانی ماڵباتی ئەیوبیدا کرد.

**4-4- ناکۆکی نێوخۆیی ئەیوبیەکان**

لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی باسکران، هۆکاری سەرەکی و ڕاستەوخۆی دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کێشە ناوخۆییەکانی ماڵباتی ئەیوبیدا، خودی ئەیوبیەکان خۆیانبوون، بە بەڵگەی ئەوەی دوای ئەوەی ناکۆکی کەوتە نێوان کوڕانی (الملك العادل سيف الدين)، بەتایبەت لەنێوان (الملك المعظم عيسى) پادشای دیمەشق و (الملك الكامل) پادشای میسر و (الملك الاشرف) خاوەنی خلاط، بەهۆی ئەوەی پادشای دیمەشق دەستی کرد بە فراوانخوازی لەسەر حسابی میرەکانی ماڵباتەکەی(بڕوانە: ابن واصل، 1957، ج4، ص118-120؛ سبانو، 1984، ص71-78)، ئەم کارەی ناوبراو ناڕەزایی پادشاکانی دیکەی ئەیوبی لێکەوتەوە، بەتایبەت پادشاکانی میسر و خلاط، بۆیە هۆشداریان پێدا، کە دەبێت دەست لەوکارە هەڵگرێت(ابن نظيف الحموى، 1981، ص94-95؛ ابن العديم، 1996، ص467-468؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص127؛ أبو الفداء، دون تاريخ، ج3، ص131-132)، پادشای دیمەشق لە ترسی لەشکری سەربازی براکانی ناچار بوو بەرەو دیمەشق بگەڕێتەوە، دەستبەرداری خواستەکەی بوو(ابن واصل، 1957، ج4، ص128؛ الجندى، 1994، ج1، ص178-179)، بەڵام ئەوەی لە یاد نەکرد و بڕیاری بەرنگاربوونەوەی براکانیدا لەڕێگەی هێزی دەرەکی، بۆیە لەساڵی (619ك/1222ز) پەیوەندی بە سوڵتان جلال الدينى خوارزمیەوە کرد و هاوپەیمانیان لەدژی خلاط و میسر پێکهێنا(اليونينى، 1992، ج1، ص125؛ كنز الدرر، 1972، ج7، ص266-267؛ حسين، 2010، ص108-109).

پشتیوانیکردنی سوڵتانی خوارزم لە پادشای دیمەشق، بازنەی ناکۆکی ناوخۆی ماڵباتی ئەیوبی فرەترکرد، بە بەڵگەی ئەوەی لەساڵی (621ك/1224ز) (الملك المعظم) هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی پیلانێك، کە بریتی دەبێت لە سەرقاڵکردنی (الملك الاشرف) بە مەبەستی دوورخستەنەوەی لە هاوکاری و هەماهەنگی پادشای میسر، چونکە خواستی هەڵکوتانە سەر دیمەشق و شامیان هەبوو(سبط ابن الجوزى، 2013، ج22، ص272؛ الدوادارى، 1972، ج7، ص265؛ الغامدى، 1988، ص119)، لەو سۆنگەیەوە پادشای دیمەشق (الملك شهاب الدين المظفر غازى(615-642 يان 645 يان 646ك/1218-1244يان1247يان1248ز) برای وەك جێگری خۆی لە خلاط و میافارقین و دەوروبەری ڕاسپارد، لەکاتێکدا ئەو ناوچەیە مەملەکەتی (الملك الاشرف) بوو، لەولاشەوە بۆخۆی بە ئاراستەی میسر کشا، وەختێك (الملك الاشرف) گەیشتە حران هەواڵی بۆهات کەوا (الملك شهاب الدين المظفر غازى) برای هەڵگەڕاوەتەوە لێی(ابن العديم، 1996، ص468-469؛ الدوادارى، 1972، ج7، ص266؛ ابن تغرى بردى، دون تاريخ، ج6، ص255)، ئەویش بۆی نووسی کە بچێتە لای، بەڵام ناوبراو گوێڕایەڵی نەبوو، بۆیە کۆمەڵێك لە سەربازانی (الملك الاشرف) ڕوویان کردە شاری خلاط، پادشای حمص پشتگیری لە (الملك الاشرف) دەکرد، لەبەرامبەردا (الملك المعظم) پشتگیری (الملك غازى) بوو، بەوهۆیەوە جەنگ لەنێوان هەردوو بەرە لە هەریەکە لە حماة و خلاط ڕوویدا، وێرانکاری و کۆشتاری لێکەوتەوە، لە ئاکامدا بەرەی دیمەشق شکستیان هێنا و خلاط کەوتەوە دەست (الملك الاشرف)( سبط ابن الجوزى، 2013، ج22، ص271؛ ابن العديم، 1996، ص468-469)، (الملك غازى) لەبەرەی دیمەشقەو چووە ژێر ڕکێفی پادشای خلاط(سبط ابن الجوزى، 2013، ج22، ص 271؛ الدوادارى، 1972، ج7، ص266)، بەهۆی ئەم شکستەوە جارێکی دیکە پادشای دیمەشق نیگەران بوو، بۆیە هەوڵی بەکارهێنانی هێزی دەرەکی دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پادشای خلاط و میسر(ابن العديم، 1996، ص468-469)، لەدرێژەی ئەم ڕووداوانەدا لەساڵی (622ك/1225ز) پادشای دیمەشق جارێکی دیکە پەیوەندی بە سوڵتانی خوارزمەوە کرد، بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر

مەملەکەتی (الملك الاشرف)دا، بەوهۆیەوە هاوپەیمانیەتێکی گەورەتریان لەدژی پادشای خلاط و پادشای میسر پێکهێنا(الیونینی، 1992، ج1، ص139-140؛ النويري، ١٤٢٣ هـ، ج29، ص136)، بەمشێوەیە ناکۆکی ناوخۆی ئەیوبی بەردوامی هەبوو، بەوهۆیەشەوە دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی بەردەوامبوو تاوەکو ساڵی (628ك/1230ز)( نسوی، 1365، ص184، 211-225؛ الغساني، 1975، ج1-2، ص418-427)، چەند ساڵێك دەستوەردانەکە وەستا، بەڵام جارێکی دیکە سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە، بەتایبەت لەساڵی (635ك/1237ز) تاوەکو (644ك/1246ز)، کە هەموو جارێك لەسەر داوای پادشایەکی ئەیوبی خوارزمیەکان بەشداری کارایان لە ئاڵنگاریە ناوخۆییەکانی ماڵباتی ئەیوبیدا کردووە(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص367، 389؛ المقريز، 1997، ج1، ص391، 419)، هەڵبەتە لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ناکۆکی ناوخۆی ئەیوبیەکان زۆربەی کات بە جەنگ یەکلاکراوەتەوە، وەلێ هەندێ جار بە ئاشتی لایەك ملکەچی بۆ لاکەی تر دەربڕیووە، بەڵام لەژێر فشاری هێزدا، بێگومان هەر بەرەیەك هێزی دەرەکی لەدژی یەکتری بەکارهێناوە، ئەم دوو هێزە زیاتر خاچی و خوارزمیەکان بوون، کە تیایدا خوارزمیەکان ڕۆڵێکی کارایان لە ئاڵنگاریەکانی ناوخۆی ماڵباتی ئەیوبیدا گێڕاوە، لەوپێناوەشدا خوارزمیەکان قوربانی زۆریان داوە، تەنانەت سەرکردە باڵاکانیان لە مەیدانی جەنگدا کوژراون.

### 5-ئەنجام

دوای سەرەو دەریکردن لە گەڵ زانیاریە مێژووییەکانی نێو سەرچاوە ڕەسەنەکان پەیوەست بە رۆڵی خوارزمیەکان لە ناکۆکیە نێو خۆییەکانی نێو دەسەڵاتدارانی ئەیوبی ،بەچەند ئەنجامێک گەیشتین کەبە پوختی دەیانخەینە ڕوو:

یەکە/ ئەیوبیەکان لە دوای مردنی (الملك العادل سيف الدين)، بەهۆی خواستی فراوانخوازی و گرتنەدەستی دەسەڵات کەوتنە ناکۆکی لەگەڵ یەکتری بۆ ماوەی زیاتر لە( 25)ساڵ، لەو ماوەیەدا بەردەوام دوو بەرەی دژ بەیەك و هەندێکجار زیاتریش هەبوون.

دووەم/ خوارزمیەکان لە ئاکامی ئاڵنگاری سەربازی و سیاسی بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا کشاون، بەوهۆیەوە نزیکبوونەتەوە لە دەوڵەتی ئەیوبی، خواستی فروانخوازیان بەرەو ناوچەکە بوونێکی نکۆڵی لێنەکراوە.

سێیەم/ ئەگەچی هۆکارگەلێك هەن بۆ دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کێشەناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا، بەڵام زۆربەی کات لەسەر خواستی بەرەیەکی ئەیوبیەکان دەستوەردانیان لە کێشەناوخۆییەکانی ئەو ماڵباتەدا کردووە.

چوارەم/ دەستوەردانی خوارزمیەکان لە کایەی سەربازیدا بووە، بەوهۆیەوە ناکۆکیەکان فرەتربوون.

پێنجەم/ لە ئەنجامی ئەم دەستوەردانە خودی خوارزمیەکان و ئەیوبیەکان زیانێکی گەورەی ئابووری و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ....هتد، بەرکەوتووە.

### 6-لیستی سەرچاوەکان

#### سەرچاوەی سەرەکی بە زمانی عەرەبی

-ابن الأثير، أبو الحسن علی بن أبی الكرم محمد بن محمد (ت ٦٣٠هـ)الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، الناشر: دار الكتاب العربی، بيروت، ١٤١٧هـ / ١٩٩٧.

-ابن الأثير، ضياء الدين محمد بن محمد (ت ٦٣٧هـ)رسائل ابن الاثير، تحقيق: نوری حمودی القيسی وهلال ناجی، منشورات جامعة الموصل، موصل، دون تاريخ.

-ابن بطوطة، محمد بن عبد الله بن محمد (ت ٧٧٩هـ)رحلة ابن بطوطة (تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار)، الناشر: أكاديمية المملكة المغربية، الرباط، ١٤١٧ هـ.

-البكری، أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد (ت ٤٨٧هـ)المسالك والممالك، الناشر: دار الغرب الإسلامي، دون مكان، ١٩٩٢.

-البناكتی، ابو سليمان داود بن ابی الفضل محمد(ت730هـ/1330م)روضة اولی الالباب في معرفة التواريخ والانساب (المشهور بتاريخ البناكتی)، ترجمة: محمود عبدالكريم علی، القاهرة، 2007.

-البنداری، الفتح بن علی بن محمد(ت643هـ/1245م)تاريخ دولة ال سلجوق، طبع الكتاب العربية، مصر، 1900.

-ابن البيبی، يحيی بن محمد (684هـ/1285م)أخبار سلاجقة الروم، ترجمة وتقديم: محمد سعيد جمال الدين، المركز القومی للترجمة، دون مكان، دون تاريخ.

-ابن تغری بردی: جمال الدين أبی المحاسن يوسف الاتابكی (ت874هـ\1469م)النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، الناشر: وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دار الكتب، مصر، د.ت.

-الجوزجانى، القاضى منهاج السراج ابى عمر منهاج الدين عثمان(ت٦٥٨هـ/١٢٦٠م)طبقات ناصرى، ترجمة وتقديم: عفاف السيد زيدان، المركز القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠١٣.

-ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد(ت ٨٠٨هـ)ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، المحقق: خليل شحادة، الناشر: دار الفكر، بيروت، ط2، ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨ م.

-الدوادارى، ابو بكر بن عبدالله بن ايبک(ت٧٣٦هـ/١٣٣٥م) الدرر المطلوب فى اخبار بنى ايوب(كنز الدرر وجامع الغرر)، تحقيق: دكتور سعيد عبد الفتاح عاشور، القاهرة، ١٩٧٢م، ج7.

-الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد (ت ٧٤٨ هـ)اريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، المحقق: عمر عبد السلام التدمري، الناشر: دار الكتاب العربي، بيروت، ط2، 1993.

-سبط ابن الجوزى، شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قزأوغلي بن عبد الله (٥٨١ - ٦٥٤ هـ)مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، تحقيق وتعليق: محمد بركات، كامل محمد الخراط، عمار ريحاوي، محمد رضوان عرقسوسي، أنور طالب، فادي المغربي، رضوان مامو، محمد معتز كريم الدين، زاهر إسحاق، محمد أنس الخن، إبراهيم الزيبق، الناشر: دار الرسالة العالمية، دمشق، ١٤٣٤ هـ - ٢٠١٣ م.

-ابو شامة، عبدالرحمن بن إسماعيل المقدسى( ت 665هـ/1266م) تراجم الرجال القرنين السادس والسابع(المعروف بالذيل على الروضتين)، باعتناء: محمد زاهد بن الحسن الكوثرى، دار الجيل، ط٢، بيروت، ١٩٧٤.

-الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أبى بكر أحمد (ت ٥٤٨هـ): الملل والنحل، الناشر: مكتبة الانجلو المصرية، ط2، القاهرة، دون التاريخ.

-الاصطغري، أبو اسحاق إبراهيم بن محمد (ت ٣٤٦هـ)المسالك والممالك، الناشر: دار صادر، بيروت، ٢٠٠٤ م.

-ابن العبرى، ابو الفرج غريغوريوس ابن أهرون (أو هارون) بن توما الملطي (ت ٦٨٥هـ)تاريخ مختصر الدول، المحقق: أنطون صالحاني اليسوعي، الناشر: دار الشرق، ط3، بيروت، ١٩٩٢.

-ابن العديم، عمر بن أحمد بن هبة الله بن أبي جرادة العقيلي (ت ٦٦٠هـ)بغية الطلب في تاريخ حلب، المحقق: د. سهيل زكار، الناشر: دار الفكر، دون مكان، دون تاريخ. زبدة الحلب في تاريخ حلب، وضع حواشيه: خليل المنصور، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت، 1996.

-الغساني، الملك الاشرف اسماعيل بن العباس(ت803هـ)العسجد المسبوك، تحقيق: شاكر محمود عبدالمنعم، دار البيان، بغداد، 1975.

-أبو الفداء، عماد الدين إسماعيل بن علي (ت ٧٣٢هـ)المختصر في أخبار البشر، الناشر: المطبعة الحسينية المصرية، دون مكان، دون تاريخ.

-القرشي، محمد بن محمد بن نصر الله بن سالم بن أبي الوفاء (٦٩٦ - ٧٧٥ هـ)الجواهر المضية في طبقات الحنفية، الناشر: مطبعة مجلس دائرة المعارف النظامية - حيدر آباد الدكن - الهند، ١٣٣٢ هـ

-القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت ٦٨٢هـ)آثار البلاد وأخبار العباد، الناشر: دار صادر، بيروت، دون تاريخ.

-ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر (ت ٧٧٤هـ)البداية والنهاية، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي، الناشر: دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والإعلان، دون مكان، ٢٠٠٣.

-المقريزى، أحمد بن علي بن عبد القادر (ت ٨٤٥هـ)السلوك لمعرفة دول الملوك، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت، 1997.

المقفى الكبير، تحقيق: محمد اليعلاوي، الناشر: دار الغرب الاسلامى، بيروت، ط2، ٢٠٠٦.

-مؤلف مجهول (توفي: بعد ٣٧٢هـ)حدود العالم من المشرق إلى المغرب، محقق ومترجم الكتاب (عن الفارسية) : السيد يوسف الهادي الناشر: الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ١٤٢٣ هـ

-مؤلف مجهول(توفى بعد٦٥٥هـ/١٢٥٧م)تاريخ دولة الاكراد والاتراک تاريخ دولة الاكراد، دراسة وتحقيق: دكتور موسى مصطفى الهسنيانى، مطبعة جامعة دهوک-من منشورات جامعة دهوک، دهوک، ٢٠١٠م.

-المهلبى، الحسن بن أحمد المهلبي العزيزي (ت ٣٨٠هـ)الكتاب العزيزى أو المسالك والممالك، جمعه وعلق عليه ووضع حواشيه: تيسير خلف، دون مكان، دون تاريخ.

-ابن نظيف الحموى، أبو الفضائل محمد بن علي بن نظيف(ت بعد٦٢٨هـ/١٢٣١م):التاريخ المنصورى(تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان)، المحقق: دكتور أبو العبد دودو، مطبعة الحجاز / مطبوعات مجمع اللغة العربية، دمشق:١٩٨،م.

-النويرى، أحمد بن عبد الوهاب بن محمد (ت ٧٣٣هـ)نهاية الأرب في فنون الأدب، الناشر: دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ١٤٢٣ هـ

-ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم(ت 697هـ\1197م) مفرج الكروب في اخبار بني ايوب ، تحقيق: جمال الدين الشيال، جامعة فؤاد الاول،( 1953 )ج١،ج٢،ج٣. _(ج٤،ج٥ )تحقيق: حنين محمد ربيع_ سعيد عبد الفتاح عاشور، دار الكتب واوثائق القومية_ المطبعة الاميرية القاهرة-جمهورية مصر العربية، القاهرة، 195٧.

-ابن الوردى، عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن أبي الفوارس، (ت ٧٤٩هـ)تاريخ ابن الوردي، الناشر: دار الكتب العلمية - لبنان / بيروت، ١٩٩٦م.

-ياقوت الحموى، شهاب الدين أبو عبد الله (ت ٦٢٦هـ)معجم البلدان، الناشر: دار صادر، ط2، بيروت، ١٩٩٥.

-اليونينى، قطب الدين أبو الفتح موسى بن محمد (ت ٧٢٦ هـ)ذيل مرآة الزمان، وزارة التحقيقات الحكمية والأمور الثقافية للحكومة الهندية، الناشر: دار الكتاب الإسلامى، ط2، القاهرة، ١٩٩٢.

## سەرچاوەی سەرەکی بەزوبانی فارسی

-حمدالله مستوفی، ابی بکر بن محمد بن بصر قزوینی(750هـ/1349ز)تاریخ گزیده، مؤسسة انتشارات امیر کبیر، چاپخانه: سپهر، چ2، تهران، 1362ش.

-جوینی، عطا ملک بن محمد(ت٦٨١هـ/١٢٨٢م)تاریخ جهانکشای، تصحیح: محمد قزوینی، دریک مجلد، مؤسسهء انتشارات نگاه، تهران،١٣٩٥.

-خواندمیر، غیاث الدین بن همام الدین حسینی(ت942هـ/1534م)تاریخ حبیب السیر فی اخبار افراد البشر، ناشر: خیام (مرکز تحقیقات رایانەی قائیمه اصفهان)، دون تاریخ.

-رشیدالدین، فضل الله همدانی(ت٧١٨هـ/١٣١٨م)جامع التواریخ، به تصحیح وتحشیهء: محمد روشن- مصطفی موسوی، چاپخانه کتیبه، نشر البرز، تهران، ١٣٧٣.

-قزوینی، غفاری احمد بن محمد(ت665هـ)تاریخ جهان ارا، کتابفروشی حافظ، تهران، دون تاریخ.

-نسوی، محمد بن احمد (ت٦٣٩هـ/١٢٤١م)سیرة السلطان جلال الدین منکبرتی، به تصحیح و با مقدمه وتعلیقات: مجتبی مینوی، چ٢، شرکت انتشارات علمی وفرهنگ، تهران، ١٣٦٥ش.

**ژێدەر بەزمانی فارسی**

-ن. و. پیکو توسکایا و ا. بو. یاکوبوسکی و بطروشفسکی و بلنیتسکی و استروبوا، تاریخ ایران، ترجمة: کریم کشاورز، چاپخانه خرمی، تهران، 1353هەتاوی.

-جعفریان، رسول، تاریخ ایران اسلامی(از طلوع طاهریان تا غروب خوارزمشاهیان، اسفند ماه، 1392هەتاوی.

**ژێدەر بەزمانی عەرەبی**

-اقبال، عباس اشتیابی، تاریخ ایران بعد اسلام، نقله عن الفارسية: محمد علاء الدين منصور، دار الثقافة، القاهرة، 1990.

-البابیری، حکیم عبدالرحمن زبیر، الدولة الايوبية (570-648هـ/1174-1250م)، دار الكتاب والوثائق العراقية، بغداد، 2014.

-الباکستانی، إحسان إلهي ظهير، الشيعة والتشيع - فرق وتاريخ، الناشر: إدارة ترجمان السنة، لاهور – باكستان، ط11، ١٩٩٥.

-الجندی، محمد سلیم، تاریخ معرة النعمان، حققه وعلق عليه: عمر رضا كحاله، منشورات ورزارة فی الثقافة الجمهورية العربية السورية، طق، دمشق، 1994.

-حسن، ابراهيم حسن، تاريخ الاسلام، دار الجيل، بيروت-مكتبة نهضة المصرية، ط14، القاهرة، 1996.

-حمدی، حافظ احمد، الدولة الخوارزمية والمغول، دار الفكر العربی، القاهرة، 1949.

-الرهاوی، تاریخ متی الرهاوی، ترجمة: محمود محمد الرويضی وعبدالرحيم مصطفی، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية، الاردن، 2009.

-زيان، حامد زيان غانم، الصراع السياسی والعسكری بين القوى الاسلامية زمن الحروب الصليبية، دار الثقافة، القاهرة، 1983.

-سلطان، طارق فتحی، الدولة الغورية (543ك/1148ز-612ك/1215ز)، دار ابن الاثير، موصل، 2008.

-سیاقی، محمد دبیر، السلطان جلال الدین خوارزمشا فی میزان التاريخ، ترجمة: احمد الخولی، القاهرة، 2009.

-صبره، عفاف سيد، التاريخ السياسی للدولة الخوارزمية، الناشر: دار الكتاب الجامعی، القاهرة، 1987.

-العرینی، السيد الباز، المغول، دار النهضة العربية، بيروت، 1981.

-عزام، عبد الرحمن، صلاح الدين واعادة احياء المذهب السنی، ترجمة قاسم عبده قاسم، دار جامعة حمد بن خليفة للنشر، ط3، الدوحة، 2016.

-الغامدی، علی محمد علی، بلاد الشام قبيل الغزو المغولی (589-657هـ/1193-1259م)، مكتبة الطالب الجامعی، مكة المكرمة العزيزية، 1988.

**ژێدەر بەزوبانی کوردی**

-الصلابی، علی محمد، دەوڵەتی مەغۆل و تەتار، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر ڕەسول محمد، دار المعرفة، بیروت، 2010.

پێنجەم: ماستەرنامە بە زمانی کوردی

-حسین، عبدالرحمن حسین، کۆچی کوردان بۆ وڵاتی شام و میسر لەسەدەکانی (6-7ك/12-13ز)، ماستەرنامە، زانکۆی ڕاپەرین/کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان-بەشی مێژوو، ڕانیە، 2017.

-شوان، سعدالدین سلیمان، هەڵمەتی خوارزمییەکان بۆ سەر کورد و ناوچە کوردنشینەکان(590-644ك/1194-1247ز)، نامەی ماستەر، بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سۆران، 2021.

**ماستەرنامە بە زمانی عەرەبی**

-حسين، كوثر اسماعيل، الثغور ودورها السياسی والحضاری فی عهد الملك العادل والملك الكامل الايوبی(596-635هـ/1199-1237)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم تاريخ-كلية الاداب/جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠١٠.

-سبانو، احمد غسان، مملكة حماة الايوبية، رسالة ماجستير، جامعة دمشق/ كلية الاداب-قسم التاريخ، دمشق، 1984.

-عبدالله، عابد عبدالرزاق، علاقة الدولة الخوارزمية بالقوى فی بلاد الشام (624ك/1227ز-645ك/1247ز)، رسالة ماجستير، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية/ جامعة أم القرى، مكة، 1996.

**گۆڤار بەزمانی عەرەبی**

-فلح، محمد يونس، الملك الصالح نجم الدين ايوب وعلاقته بالقوى السياسية ، مجلة كلية العلوم الاسلامية ، العدد ١٣، مجلد ٧، ٢٠

**أبعاد تدخل الخوارزميين في الصراع الداخلي للدولة الأيوبية (619-644 هـ / 1222-1246م)**

**(دراسة تحليلية ومقارنة)**

**حسين عبدالرحمن حسين**
قسم التاريخ /كلية العلوم الانسانية| الجامعة راپەرين
hussein@uor.edu.krd

**قادر محمد حسن**
قسم التاريخ،كلية الاداب،الجامعة صلاح الدين-أربل
qader.hassan@su.edu.krd

**ملخص**

بحثنا بعنوان (أبعاد تدخل الخوارزميين في الصراع الداخلي للدولة الأيوبية (619-644 هـ / 1222-1246م)، هى دراسة تحليلية مقارنة للأحداث السياسية والعسكرية المتعلقة بحالة خوارزم والدولة الأيوبية، وقد أدى ذلك إلى تدخل الخوارزميين في النزاعات الداخلية للدولة الايوبية، نتيجة الاطلاع على النصوص التاريخية والتمعن فى الأحداث التى حدث فى تلك الفترة، هناك بعض العوامل الرئيسية كان سببا لهذا التدخل، منها عدة أبعاد (التوسعية، الغزو المغولي، الجغرافيا ، الصراعات الداخلية في الدولة الايوبية). ويعد هذا البحث هذا البحث بوابة علمية ليطلع عليها الباحثون بغية تزويدهم معلومات فريدة عن كيفية معلومات فريدة عن كيفية تدخل القوى الخارجية للدولة الايوبية وبيان اسباب تلك التدخلات بشكل موثوق وفق المصادر الاساسية المتعلقة بتلك الفترة.

**الكلمات الاساسية:** (الخوارزم، الايوبيون، المداخلة، الاسباب)

**Dimensions of the Khwarezmians' Intervention in the Internal Conflict of the Ayyubid State (619-644 AH / 1222-1246 AD)(Analytical and comparative study)**

**Hussein Abdulrahman Hussein**
Department of History/ College of Humanities| University of Raparin
hussein@uor.edu.krd

**Qader Mohamad Hassan**
Department of History,College of Arts,Salahuddin University-Erbil
qader.hassan@su.edu.krd

**Abstract**

Our research which is entitled “Dimensions of the Khwarezmians' Intervention in the Internal Conflict of the Ayyubid State (619-644 AH / 1222-1246 AD). It is a comparative analytical study of the political and military events related to the case of Khawarizm and the Ayyubid state, where we have investigated the reasons which led the Khwarizmians' to intervene in the internal conflicts of the family. As a result of reading the historical texts and examining the events that happened in that period, we discovered some of the minor and major factors behind the intervention, including these dimensions, expansionism, the Mongol invasion, geography, and the Ayyubids. Additionally, we wanted this to be a gateway to Kawarisim State to familirize the reader with the nature of its establishment and its way of development so that the reader better comprehends the dimensions of this interference.

**Keywords:** (Khwarizm, Ayyubid, Intervention, Causes)